سەرۆك کۆمار جەخت لە پێویستی ڕچاوکردن و بەدواداچون بە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریدا دەکاتەوە

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید لە کۆشکی سەلام لە بەغداد پێشوازیکرد لە زولفەقار حەشی ئەلمەکسوسی نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی عێراق و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەندیکا.

سەرکایەتی کۆمار باویکردەوە لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ سەشەممە 2-4-2024 بەڕێوەچو، سەرۆك کۆمار دوپاتیکردەوە، سەقامگیریی ئاسایش لە شارەکان و پارێزگاکان کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر هەنگاوەکان بەرەوپێشچوون لە پرۆسەی بونیادنان و ئاودانکردنەوە و جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی و گەورە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. ئاماژەی بەوەشکرد، پلاندانانی دیراسەکراو و هەوڵەکانی بونیادنان و جێبەجێکردن، دوو پایەن بە بنیاتنان و پێشکەوتنی وڵاتان و گەلان.

سەرۆك کۆمار جەختی لەسەر پێویستی ڕچاوکردن و بەدواداچون بە تایبەتمەندیی تەکنیکی لەسەرجەم پسپۆڕییەکانی ئەندازیاری و جێبەجێکردنی تایبەتمەندیی ئەندازیاری و لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمەکان، کردەوە. ئاماژەی بە بایەخی ڕچاوکردنی مەرجەکانی سەلامەتی و بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازی کوالیتی بەرزیش کرد لەپێناو زامنکردنی سەلامەتیی نیشتەجێبوان و دانیشتوان، سەرەڕای گرنگی بوونی تیمی تایبەت بە بەردەوام دەنیابونەوە لە بونی مەرجەکانی سەلامەتی.

هەروەها سەرۆك کەمار ڕێی ئەندازیارانی عێراق و هەوڵکانیانی بەرزنرخاند لە بەجێگەیاندنی ڕێ و ئەرکەکانیان لە خزمەتکردنی کەرتی ئەندازیاری لە عێراق و ئەو دەستکەوت و کار و بەخشینانەی لەلایەن سەندیکای ئەندازیارانەوە ئەنجامدراون، کە بەشداربون لە گەشەپەدانی پرسی پەرەپەدانی هەمەلایەنە لە وڵاتدا، هەروەك ئاماژەی بە گرنگی گرتنەبەری پشکوتنی پیشەیی دروست کرد بە درچووانی کەلەژەکانی ئەندازیاری لە کاتی دامەزراندنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

سەرۆک کەمار هانی سەرۆك و ئەندامانی سەندیکای دا، کە گرنگی بە پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەنجامدانی سیمینار و کردنەوەی پشانگا بدەن، جگە لە کردنەوەی بوارەکانی هاریکاری بە ئاوگەی ئەزموون لەگەڵ وڵاتانی دیکە لەپێناو پەرەپەدانی کاری ئەندازیاری و هەنگاونان لەگەڵ کاروانی گەشەپەدان و پشکوتن، کە عێراق لە ئاستە جیاجیاکاندا بەخێیوەدەبینێت، بەشوێیەک کە بەشداربێت لە پشکوتنی کەرتی ئەندازیاری و پەرەپەدانی تواناکانی ئەندازیارانی عێراق، لەمبارەیشەوە ئامادەیی سەرکایەتی کەماری بە پشکشکردنی پشتگیری و پاڵپشتی بە سەندیکای ئەندازیاران ڕاگەیاند لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانەی روبەڕوی کارەکانی دەبێتەوە.

لەلایەن خێیانەوە نەقیب و ئەندامانی سەندیکای ئەندازیارانی عێراق باسیان لە بەڕەوچونی کارەکانی سەندیکا و پلانەکانی بە بونیادنان و گەشەکردنی وڵات کرد و جەختیانکردەوە، کە هەموو توانایەکیان تەرخاندەکەن بە هاریکاری تەواو لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت لەڕێگەی بەشداریکردن لە پلان و پرۆژەکانی گەشەپەدان و پشکشکردنی ڕاوێژی ئەندازیاری و خولی ڕاهێنان بە ئەندازیاران لەپێناو بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابوری و کەمەڵایەتی لە وڵاتدا.